**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠٢١/١١/٢٣ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩**

**ماددەی (١)**

بڕگەیەك بە زنجیرەی (٦) بۆ ماددەی (یەکەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦- ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، ئەنجامدراو لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی جاردانی بزربوونیان دادەنرێت، و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی هاتووە.

**ماددەی (٢) :** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):** کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییانەی ڕووبەرووی کەسوکاری قوربانیانی گەلی کوردستان و بەسەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بونەتەوە، لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە ڕێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامیداون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**